# ئەمڕۆ کەمال سەید قادر سبەینێ کەمالەکانیتر..!!

ئەندازیار.کەمال غەریب ک
2005-10-30

پێشەکی لێرەوە خوازیارم دەستخۆشی بکەم لەو خاوەن قەڵەمە بەجەرگانە و ئەو دەنگە دڵێرانەی ، بە تایبەتی لە پاڵتاکدا بەرز بوونەتەوە لە هەموو ژوورەکان بۆ پارێزگاری کردن لە کەسێکی کورد ( هەر کەس بێت گرنگ نییە ، هێندە گرنگە کە کوردێکە و خۆی بە هاونیشیتمانی کوردستان دەزانێت).

وونکردن و بێسەروشوێنکردنی کەسێک دوور لە پرینسیپەکانی دەستووری عێراقی هاوچەرخ کە وێنەی نییە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ، هێشتا هەڵمی لێهەڵئەسێت و زۆر دڵیشیان خۆشبوو بەم سەرکەوتنە گەورەیە، بەلاّم لە هەنگاوی یەکەمی ئەم دەستوورە بۆ پراکیزەکردنی خۆی خستە قەیرانێکەوە بێوێنەوە..!کە لە ووشەی قەبە زیاتر هیچ بە خۆیەوە ناگرێت.

هەموو ئاشنای ناوی دکتۆر کەمال س.ق. بووین لە روانگەی نوسین و بیرو بۆ چوونەکانیەوە ، کێ لەگەلیدایە ئەوە هەڵوێستی خۆیەتی بەلاّم ئەوەی پابەندە بە بەندەوە من تەریب بووم لەگەڵیدا ، بە تایبەتی لەم نووسین و خوێندنەوانەی بلاّوی کردەوە لەم چوار هەفتەیەی ڕابووردا

بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە من ، هێندە خۆپەرستبم کە لە غەدرێکی دژ بە پرینسیپەکانی مرۆڤێکی کورد بێدەنگ بم .

لە یاساکانی دەستووری عێڕاقدا هاتووە هیچ هاونیشتمانییەکی عێڕاقی ناتوانرێت بگیرێت بێ فەرمانی ، دادوەری لێکۆڵینەرەوە بۆ ماوەی

24 کاتژمێر زیاتر ، بەلاّم گەر دادوەر بە چاکی زانی ئەم ماوەیە تازەبکرێتەوە ئەبێت سەرۆکی دادگای گشتی بڕیاری لە سەر بدات .بەلاّم ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە ، دەیبیستین زۆر دوورە لەم پرینسیپانەوە ، بە تایبەتی ئەم کەسە تا ئەمڕۆ بێسەروشوێنە ( دوای 4 رۆژ ) ، گەر دەسەلاّتی هەولێر لە پشت ئەم کارەوە نین ئەبوایە دوای 24 کاتژمێر وەلاّمی میدیاکان بدایەوە و بێتاوانی یان بێئاگایی خۆیان پیشانبدایە لەم کارە نایاساییە..!کورد گوتەنی بێدەنگی مایەی ڕازیبوونە..!!هیوادارم خەڵکی کورد داوای دادگایکردنێکی دادپەروەرانە بکات بۆ ئەم کەسە و هەموو مافە یاساییەکانی بپارێزرێت ، هەرهیچ نەبێت ئەو مافەی ئەیدەن بە سەدام جەزارو هاورێ خوێن رێژەکانی بیدەن بەم کەسە کوردەش ...!!!!

ئەو دەسەڵاتەی مافی تاکەکانی مسۆگەر ئەکات ( لە ئازادیدان و پراکتیزەکردنی پرینسیپە دیمۆکراتیەکانی ) ئەوە بە دەستی خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت تا هزری نوێ سەروەری بگرنە دەست.

هەر بۆیە دەسەلاّتەکانی ئێمە رێگای تۆتاریتاریزمیان هەڵبژاوردووە، تا نەکەونە ئەو گۆڕەوە و بە زۆریش بێت هەر ئەبێت نەمر بن.!